www.kurdistannet.org
17-7-2006 9:56بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

# " باران" ڕێكخراوێكی هونەری بۆ ناساندنی كەلتورو هونەری كوردی بە جیهان ... شۆڕش محەمەد حسێن



ڕۆژی 8ی ئەم مانگە فێستیڤاڵی گالا بیننالی لە تۆكیۆی پایتەختی ژاپۆن بەسەركەوتویی كرایەوە و تیایدا پێشانگەیەكی گەورەی نێونەتەوەیی نمایشكرا.
هونەرمەندە بەشداربووەكانی گالا بیننالی "2006"لە تۆكیۆ بریتی بوون لەهونەرمەندانی "ژاپۆن، ئەفریقا، ئاسیا، ئەمریكای لاتینی". بۆخولی ئەمساڵی ئەم فێستیڤاڵە هونەرمەندی شێوەكاری كورد "سمكۆئەحمەد"سەرپەرشتیاری بەشی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ئەمریكای لاتینی لەهەردوو كیشوەرەكەدا دەكرد. لە پەیوەندییەكی تایبەت بە ڕۆژنامەكەمان هونەرمەند "سمكۆ ئەحمەد" ووتی "ئەمساڵ لەخولی نوێی فێستیڤاڵی گالا بیننالی لە تۆكیۆ نزیكەی "200"هونەرمەندی جۆراوجۆر لە ستایلی كاركردنی هونەری و لەڕەگەز و نەتەوەی جودا جودا بەشدارییان كرد و ئێمەی كوردیش وەكو ساڵانی پێشو هۆڵی تایبەتی نمایشكردنی كارە هونەرییە كوردییەكانمان هەبوو "
سمكۆی شێوەكار بۆ ئەم خولە نوێیەی فێستیڤاڵەكە نزیكەی "20"هونەرمەندی كوردی بانگێشتی فێستیڤاڵەكە كردبوو بۆ بەشداریكردن لەم چالاكییە هونەرییە نێونەتەوەییە.
ئەم فێستیڤاڵە نێونەتەوەییە هەتا ڕۆژی "7/16"بەردەوام بوو و جگە لەكاری شێوەكاری چەندین پێرفۆرمانس و كاری تری هونەری لە خۆدەگرێت. ئەمەو لە چوارچێوەی ئەم فێستیڤاڵەدا بە بانگێشتێكی ڕەسمی گروپی شانۆی لالش ئامادەبون و لەلایەن هونەرمەندان "نیگار حەسیب قەرەداغی و ئێڤا"نمایشێكی شانۆییان پێشكەشكرد، گروپی شانۆی لالش لەلایەن هەردوو هونەرمەندی شانۆكاری كورد "نیگار حەسیب قەرەداغی و شەماڵ عومەر" سەرپەرشتی دەكرێت و ڕاستەوخۆ لەلایەن حكومەتی نەمساوە پاڵپشتی دەكرێن و ئەم دوو شانۆكارە كوردە لە ڕێی گروپی شانۆی لالشەوە توانیویانە كۆنتاكتێكی بەهێز لەگەڵ زۆرێك لە تیپە شانۆییە بەناوبانگەكانی جیهان ببەستن و لەگەڵ یەكدا ئاڵوگۆڕی ئەزمونی شانۆیی بكەن هەر لەوپەیوەندییەدا هونەرمەند (سمكۆ ئەحمەد) ئەوەی پێ ڕاگەیاندین كە لەئێستادا لەگەڵ چەند هونەرمەندێكی ژاپۆنی و جیهانی سەرقاڵی دامەزراندنی كۆمەڵەیەكی (كوردی ـ نێونەتەوەیی) هونەرین بەناوی (باران) كە بەنیازن لەئاییندەدا لەكوردستان و تۆكیۆ بیننالی ڕێكبخەن و هەموو هونەرمەندێك دەتوانێت ببێتەئەندام لەم كۆمەڵەیەدا بەجیاوازی ڕەگەز و نەتەوە. (باران) كۆمەڵەیەكە سنور ناناسێت و ئامانجی ناساندنی كەلتور و هونەری كوردییە بەجیهان